## گوڵاڵە خەیاتی:

# بەداخەوە زۆر جار پێوەری سەرەکی هەڵبژاردنی کچان جوانی و وورووژاندنە



*** کەی و چۆن هاتیتە نێو بواری هونەری؟**

-من ساڵانێکی زۆرە هاتوومەتە ناو جیهانی هونەرییەوە، لە سەرووی ١٦ ساڵان بووم کاری فیلم و سینەمام هەبووە و لە چەندین فیلم و زنجیرە فیلم بەشدار بووم، بەڵام هێشتا زۆر کارم ماوە کە نەمکردووە و هێشتا زۆریك لە تواناکانم بەتایبەتی توانای دەنگم نەخستوتە بواری هونەرەوە و ئێستاش زور بە جیددی تر لە جاران کار لەسەر توانای دەنگم دەکەم، هیواداریشم بەم زووانە کاری هونەری جوان لە بواری گورانی و موسیقاپێشکەش بکەم.

*** پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو بوونی ئامێرەکانی بینراو و بیستراو، تا چەند کاریگەری هەبووە لەسەر کاری نواندن لە کوردستان؟**

- بێگومان تەکنەلۆجیا پێویستییەکی گرنگە بۆ گەشەی هونەر و کوردستانیش بەدەر نییە لەم بنەمایە و هەرچەندە تەکنەلۆجیای پێشکەوتووتر بخرێتە سەر توانا بە پیتەکانی کورد هونەر لای ئەم نەتەوە جوان پەرستە زۆرتر و زۆرتر گەشە دەکات.

*** دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرانی سینەما چ پێوەرێکیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی کچە ئەکتەرەکان و پێدانی رۆڵ پێیان؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە و لەوانەشە ئەم پرسیارە لەوەوە درووست بوبێت کە دەرهێنەرانی کورد زۆرجار بۆ هەڵبژاردنی کچان پێوەرەکانیان بەرتەسك و هەڵەیە و هەڵەکەش لەوەدایە کە پێوەری سەرەکییان جوانی و ئاستی وروژێنەریی کچانە، بەڵام هونەر و بەتایبەتی سینەما ژیانە و لە ژیاندا هەموو جۆرە کچێك



**زۆر لە کچانی رۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە لە بواری هونەری لە باشووری کوردستان کار دەکەن و زۆریشیان توانیویانە رۆڵی سەرەکی ببینن لە چەندین فیلمدا و تێیدا سەرکەوتوو بوون، گوڵاڵە خەیاتی یەکێکە لەو ئافرەتانە کە لە بواری نواندندا کار دەکات و بەشداری لە ژمارەیەك کاری هونەریدا کردووە، بۆ باسکردنی ئاستی هونەری و بەشداری کچانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجام دا و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

هەیە بۆیە لە سینەمای کوردیش هەموو جۆرە ژنێك دەبێت بوونی هەبێت.

*** بەشێکی زۆر لە کچانی رۆژهەڵات سەرقاڵی کاری نواندنن لە کوردستان ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- کچانی رۆژهەڵات زۆر بەتوانان و ئارەزوو و خواستێکی زۆریان بۆ نواندن هەیە، دیارە دەرفەتی گونجاویان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەست نییە و زۆریان نزیکترین شوێن و فەرهەنگ بەئەوان بۆ بە کارخستنی تواناکانیان هەرێمی کوردستان دەبێت،بۆیە رو دەکەنە ئەم هەرێمە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تاچەندە ئەم کچانە بە خواستەکانیان دەگەن و تا چەند بوار رەخساوە کە ئەم کچانە سەرقاڵی هونەر بن کە هیوایان پێ بەستووە و بۆی هاتوون.من پێم وایە کاربەدەستان هونەری ئەم هەرێمە و خەڵکی ئەم هەرێمە دەبێت بە چاوی رێز و بە باوەشی کراوەی کوردەواری پێشوازی لەم کچانە بکات کە بۆنی کوردەواری و مافی کوردایەتی وای کردووە روو لەم هەرێمە بکەن.

*** تاچەند رازیی لە کاری کچە ئەکتەرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان سەرقاڵی کاری هونەرین؟**

-زۆرێك لە کچانی رۆژهەڵات توانیویانە جێگە و پێگەی باش لە ناو هونەر و بەتایبەتی تیڤییەکانی هەرێمی کوردستان بدۆزنەوە، بەڵام من پێم وایە هێشتا توانای کچانی رۆژهەڵات بە تەواوی سوودی لێوەر نەگیراوە و ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت زیاتر لەمەی ئێستا گەشە دەکەن، هیوادارم هونەری کوردی سنوورەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و باکور و باشووری تێدا نەبێت و بەپێی توانا بایەخ بە کچان بدرێت.

*** بۆچی کە باسی رۆڵی ورووژاندن دەکرێ، باس لە کچە ئەکتەرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ؟**

- ئەم پرسیارە زۆر زۆر گرنگە، ورووژاندن، یا باشترە بڵێین توانای ورووژاندن توانایەکە کە ژیان و هونەر پێویستی پێیەتی، من لێرەوە بۆ هەموو لایەك دەڵێم کە ورووژاندن توانایە و نە تەنها بەستراوەتەوە بە لەشەوە، بەڵکو زیاتر لەوە بەستراوەتەوە بە تێگەیشتنی کچان لە ژیان، ئەمەش بە خالێکی پۆزەتیڤی کچانی رۆژهەڵاتە کە لە پاڵ جەستەی جوانی کچی کورد تێگەیشتنێکی قووڵیان بۆ ژیان لەگەڵ کورڕ پەیدا کردووە کە شوخ و شەنگ و ورووژێنەر دەرکەون.

*** لێرەو لەوێ گوێبیستی ئەوە دەبین لە هەندێك کچە ئەکتەر کە ئامادەن هەر رۆڵێك ئەنجام بدەن لە پێناو هونەر و سەرکەوتنی هونەر، لەم بارەیەوە تۆ چی دەڵێی و تا چەند ئامادەی قوربانی بدەی لە پێناو هونەردا؟**

- خەڵکی ئێمە بە گشتی زۆر پێویستی بە گەشەکردنی فەرهەنگی یەکتر قەبوڵ کردن هەیە کە تەنها یەکتر قبوڵ کردنی نەژادی و ئایینی نییە، بەڵکو یەکتر قەبوڵ کردنی هەموو چینەکان و بەتایبەتی پەراوێز خراوەکانی کۆمەڵگەیە، دەبێ ئەم بنەمایە قبوڵ بکەین کە کەس وەکو من نییە و جیهان بەمەوە جوانە، من مافی دادوەری کردنم لەسەر کەس نییە،بۆیە لە کۆمەڵگەدا خوشەویستی، چەندین دیاردە هەیە کە باس ناکرێن بە هۆی دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام، پێویستە کۆمەڵگا بە چاوی کراوە سەیری بکات و قەبولیان بکات سینەما و هونەر بەرپرسیارێتی لە م بوارە لە ئەستۆدایە بێگۆمان بۆ رۆڵگێران لەم بوارانە پێویستمان بە ئەکتەری گونجاوە، لە سینەما پێویستمان بە هەموو جۆرە کچێك دەبێت کە بتوانن رۆڵە جۆراوجۆرەکانی ناو فیلمێك پڕبکەنەوە،ئەو کەسەی ئەم رۆڵە هونەرییانە دەبینێت، نابێت بە قوربانی سەیر بکرێت، بەڵکو هونەرمەندێکی بەتوانا و جێی رێزە، ئەگەر ئەمە بە قوربانیدان بزانین هونەرمان گەشەی پێویست ناکات، ئەو هونەرمەندەی ئەو رۆڵانە دەبینێت کە لای کۆمەڵگە تابۆیە بە راستی هونەرمەندە وە بەتوانایە هیوادارم هەموومان بەو توانایە بگەین و ئەم رۆڵانە ببینین.

**هێشتا زۆریک لە تواناکانم بەتایبەتی توانای دەنگم نەخستوتە بواری هونەرەوە و ئێستاش زور بە جیدی تر لە جاران کار لەسەر توانای دەنگم دەکەم**



# وەسەن ئیسماعیل:
# وازم لە هونەر نەهێناوە کەمێک دوورکەوتوومەتەوە

ماوەیەك بەر لە ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە خانمە گۆرانیبێژ و ئەکتەری رۆژئاوای کوردستان وەسەن ئیسماعیل بڕیاری داوە بە یەکجاری واز لە کاری هونەری بهێنێت، ئەمەشی بۆ کەش و هەوای هونەری کوردی و نەبوونی دادپەروەری گەڕاندەوە.
وەسەن کە ئێستا لەگەڵ خانەوادەکەی نیشتەجێی شاری ئەستەنبولە لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان ئەم هەواڵەی رەتکردەوە و بە دوور لە راستی وەسفی کرد و گوتی: منیش بەم دواییە گوێبیستی ئەو هەواڵە بووم و ژمارەیەك لە هەوادارانم پێوەندییان پێوە کردم بۆ دڵنیا بوون لە راستی ئەمە هەواڵە، تەنانەت هەندێکیان پێیان راگەیاندووم کە لەلایەن داعشەوە هەڕەشەم لێکراوە و هەندێکیشیان ئەوەیان بڵاوکردبۆوە کە وەسەن لە بارودۆخی ئێستای کوردستان و ئەو شەڕانەی لە پارچەکانی کوردستان هەیە بێزار بووە بۆیە بڕیاریداوە واز لە هونەر بهێنێت، بەڵام ئەم هەواڵانە راست نین و تا ئێستا بڕیارم نەداوە لە هونەر دوور بکەومەوە.
وەسەن هەر سەبارەت بەم دەنگۆیە دەڵێ: بەشێك لە هەوادارنم کە بە پێویستی دەزانم سوپاسیان بکەم، داوایان کرد بەردەوام بم لە کاری هونەری بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی، لە بەرامبەردا هەندێك کەسی دیکەش کە دیسان سوپاسیان دەکەم، داوایان کرد کە واز لە کاری بهێنم و لێی دووربکەومەوە باشترە، منیش لێرەوە پێیان دەڵێم من بەردەوامم و هەوڵ دەدەم نەوەیەکی نوێ لە هونەرمەندانی کوردستان پێ بگەیێنم کە منیش بەشێکم لێیان، راستە هەندێك کەس هەڕەشەیان لێکردووم و بارودۆخی کوردستان بە گشتی و هونەر ناجێگیر و خراپە، بەڵام من بە هیچ شێوەیەك واز لە هونەر ناهێنم، بەڵام بە هۆی بارودۆخی هونەری کوردی پێم باشە بۆ ماوەیەك بە شێوەیەکی کاتی دوور بکەومەوە.



## ئەنوشکا بۆ سەلمان خان: داوای لێبووردن بکە

بەم دواییە ئەکتەری ناسراوی هیندی سەلمان خان سەبارەت بە دوایین فیلمی خۆی کە بە ناوی (سولتانە) لێدوانێکی سەیری راگەیاند، کاتێك وتی: مەشقەکانی تۆمار کردنی دیمەنەکانی فیلمی (سوڵتان) زۆر ماندووی کردم، بە جۆرێك وا هەستم دەکرد وەك ئافرەتێك وام کە دەستدرێژیی سێکسی کرابێتە سەر.
ئەم لێدوانە بووە هۆی تووڕەبوونی بەشێکی زۆر لە ئافرەتە هونەرمەندەکانی بۆلیۆد و رەخنەیەکی زۆریان لە سەلمان خان گرت، یەکێك لەوانە خانمە ئەکتەر ئەنوشکا شارما بوو کاتێك وتی: هەر یەکمان بەرپرسین بەرامبەر بەو قسانەی دەیانکەین، بۆیە پێویستە ئاگاداری قسەکانمان بین، من پێوەندییەکی زۆرم لەگەڵ سەلمان خان نییە بۆ ئەوەی ئامۆژگاریی بکەم و پێی بڵێم داوای لێبووردن لە جەماوەر بکە.
شایەنی باسە تا ئێستا نە سەلمان خان نە هیچ کەسێکی بەشدار بوو لە فیلمەکە هیچ لێدوانێکیان نەداوە سەبارەت بەم رەخنانە و خۆیان بە دوور گرتووە.

## ئەلیسا و غادە باس لە کودەتاکەی تورکیا دەکەن

کودەتا سەرنەکەوتووەکەی تورکیا کاردانەوەیەکی زۆری لەسەر ئاستی جیهان هەبوو، لێکدانەوە و کاردانەوەی جیاجیاشی لەسەر ئاست و چینە جیاوازەکان بە دوای خۆیدا هێنا، لەوانەش هونەرمەندان بەتایبەتی هونەرمەندە عەرەبەکان.
ئەستێرەی سینەمای میسری دوای کۆتاییهاتنی کودەتاکە پەیامێکی پیرۆزبایی و پشتگیری ئاراستەی عەبدولفەتاح سیسیی سەرۆکی میسر کرد و تێیدا دەڵێ: خوا بۆ ئێمەت بهێڵێ، ئەوەندە بەسە کە سوپاکەت پشتگیریت لێدەکات و تۆ و وڵات و میللەتەکەت دەپارێزێ، هەر ئەوەشە وایکردووە کە هەموو جیهان حیسابت بۆ بکات.
لەلایەن خۆیەوە خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی دەربارەی کودەتاکەی تورکیا دەڵێ: ئەوەی لە تورکیا روویدا، پێویستە بخوێندرێت و شرۆڤەی وردی بۆ بکرێت، چۆن گەلی تورکیا پشتگیری سەرکردەکانی کرد و دژی سوپا وەستایەوە و وڵاتی لە رووخان رزگار کرد، ئەمە کارێکی گەورەیە.





سیزارا مۆنتانا:

# سینەمای کوردی هەنگاوی باشی ناوە

**سینەما و شانۆ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێ، بەتایبەتی لە رووی ئەکادیمییەوە، بۆیە بەردەوام بە دەیان ئەکتەری بوارە جیاجیاکانی هونەر پێدەگەن و سەرقاڵی کاری هونەرن. سیزارا مۆنتانا یەکێکە لەو کچە ئەکتەرە سەرکەوتووانەی کە لە قۆناغی کۆتایی خوێندنی شانۆ و سینەمایە لە زانکۆی نیشتمانی لە بوخارستی پایتەختی رۆمانیا و جگە لە نواندن پیانۆ و فلوت دەژەنێت و سەماکارێکی بەتواناشە لە سەمای رۆژهەڵاتی، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

**• دەربارەی هونەر لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا رات چییە؟**

- هونەر لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا ئاوێتەیەکی جوان و کامڵە و جوانی و تایبەتمەندییە باشەکان، لە هەمان کاتدا ئەو کێشە و گرفتانەش دەخاتە روو کە لەو وڵاتانەدا هەن، من تووشی سەرسوڕمان دەبم لە کاتی بینینی فیلمی ئەو وڵاتانە ئاشنای کەلتوور و مێژوو و توانای هەر یەکێک لەو وڵاتانە دەبم، چونکە هەریەکیان چیرۆکێکی تایبەتیان کە پێویستە لێی بکۆڵینەوە.

**• ئایا سینەمای ئەوروپی بە گشتی دەتوانێت رکابەری هۆلیۆد بکات؟**

- من پێموا نییە بتوانین رکابەرێتی بکەن، چونکە سینەمای هەر وڵاتێکی تایبەتمەندی و چیرۆکی خۆی هەیە کە پێویستە لەسەر ئاستی جیهان بناسرێت، هەر یەکمان ئەزموونی خۆی هەیە کە لە فیلمەکاندا دەیبینین و پێویستە لێی فێر بین، چونکە رەنگدانەوەی ژیانی ئەوانە، رکابەرێتی لای من زۆر گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە هەر میللەتێک بتوانێت پەیامەکەی خۆی بگەیەنێت.

**• نهێنی سەرکەوتنی هۆلیۆد لە چیدایە؟**

- وەک پێشتر گوتم رکابەرێتی زۆر گرنگ نییە، فیلم هۆکارێکە بۆ گەیاندنی وزە و هەستەکان، ئەگەر خەڵک هەستی بەوە کرد کە لەم چیرۆکەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەمەش مانایەکی سەرەکی فیلمە ئەوا فیلمەکە سەرکەوتوو دەبێت، سەرەڕای ئەمەش لە رێگای ئەم فیلمەوە بتوانرێت شتێک لە جیهان بگۆڕێت و وایان لێبکات بە شێوەیەکی ئەرێنی هەڵسوکەوت بکەن لە نێو کۆمەڵگادا ئەو کات دەتوانین بڵێین ئەم فیلمە سەرکەوتوو بووە.

**• ئایا هیچ جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان هۆلیۆد و سینەمای ئەوروپی هەیە؟**

- من هیچ جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوانیاندا نابینم، بەڵکو تەنیا ئامرازی گواستنەوە و گێڕانەوەی چیرۆکەکەیان جیاوازیی هەیە، هەروەها رەنگە هەموو پێداویستییەکان وەک یەک بەردەست نەبێت بۆ ئەوەی مەبەستت وەکو پێویست بگەیەنیت، جیاوازی هەیە لە چەندایەتی ئەو بەرهەمانەی پێشکەش دەکرێن و ئەو شوێنانەی تێیدا نمایش دەکرێن، ئەمەش کاریگەریی دەبێت لەسەر چوونی جەماوەر بۆ هۆڵەکانی سینەما، چونکە هەر کەسێک حەز لە جۆرە فیلمێک دەکات.

**• لە وڵاتێکی وەکو رۆمانیا بینەری شانۆ زیاترە، یان بینەری سینەما؟**

- لە رۆمانیا خەڵک حەز بە هەردووکیان دەکات، من پێموایە ناکرێ بەراورد لە نێوان شانۆ و سینەما بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی جیاوازی بکرێت لەنێوانیان، ئەوەی حەز بە کاری هونەری بکات، هەریەکیان تام و چێژی تایبەتی خۆی بۆی دەبێت و لێی تێدەگات.

**• هەندێک کەس پێیانوایە ئەو کاریگەرییەی پێشتر هونەر هەیبوو لەسەر کۆمەڵگەی ئێستا کاڵ بووەتەوە، تۆ لەم بوارەوە چی دەڵێی؟**

- بە بۆچوونی تایبەتی خۆم هونەر لە دێرزەمانەوە کاریگەریی خۆی هەبووە ئێستاش ئەو کاریگەرییەی هەیە و لە داهاتووشدا دەمینێت، لەلایەکی دیکەوە هونەرئامرازێکە بۆ گەیاندنی پەیامی خۆشەویستی بۆ ئەویتر و رازی کردنی جەماوەر ئەگەر ئەم دووە بە یەکەوە بەدی هاتن ئەوا ئامانجی خۆت دەپێکی لە بواری هونەردا.

**• چ زانیارییەکت دەربارەی سینەما و هونەری کوردی هەیە؟**

- ئەوەی دەربارەی هونەری کوردی بیستوومە مایەی دڵخۆشییە بۆ من، من سەرسامم بەوەی کە کورد توانیویەتی تا رادەیەک جیهان لە کەلتوور و مێژووی خۆی ئاگادار بکاتەوە ئەمەش کارێکی گرنگ و پێویستە، هیوادارم ئەو کاتەم هەبێت کە بتوانم زیاتر لە هونەر و سینەمای کورد قوڵ ببمەوە و ئاشنای بم، من حەز دەکەم سینەمای گەلان زیاتر بە رووی جیهاندا کراوە بێت و پیشەسازی سینەما بکرێتە هۆکارێک بۆ ناساندنی زیاتری گەلان و نزیک کردنەوەیان، بەڵام من دڵنیام سینەمای کوردی لەسەر رێگای راست هەنگاوی ناوە و پێویستە بەردەوام بێت.

**• ئێمە چۆن دەتوانین سوود لە ئەزموونی سینەمای گەلان وەربگرین؟**

- بۆ ئێوەی کورد و بۆ ئێمەش گرنگە سوود لە سینەمای هەموو جیهان وەربگرین، بەتایبەتی ئەوانەی لێمانەوە نزیکن، ئێمەی رۆمانی پێویستە سوود لە سینەمای ئەوروپا وەربگرین، چونکە لە زۆر رووەوە لێمان نزیکە و لەگەڵی دەژین، بۆیە پێویستە زیاتر ئاشنای بین.

**من حەز دەکەم سینەمای گەلان زیاتر بە رووی جیهاندا کراوە بێت و پیشەسازی سینەما بکرێتە هۆکارێک بۆ ناساندنی زیاتری گەلان و نزیک کردنەوەیان**

**بۆ ئێوەی کورد و بۆ ئێمەش گرنگە سوود لە سینەمای هەموو جیهان وەربگرین، بەتایبەتی ئەوانەی لێمانەوە نزیکن**